# پێنووسە زیرەکەکان چ

پێنووس کلیلی سەرەکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو شارستانییەت و چرای ڕێگای کاروانی پێشکەوتنە. پێنووس کە مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە وەک ئامراز شتێکی زۆر سادەیە. دەکرێت پەرەمووچێک بێت، قامیشێک بێت، چیلکەیەک بێت و هەرچی

## پێنووسێک ئاوازەکان دەکاتە نۆتەی مۆسیقا




زمانی نووسینی مۆسیقا جیاوازە لە زمانی نووسین، ئەلف بێی مۆسیقا نۆتەیە و کە (دۆ، ری، می، فا، سۆ، لا، سی)یە. ئەویش بە هێمای تایبەتی خۆیان دەنووسرێ و کەسانی شارەزای ئەم بوارە لێی دەزانن..

قەڵەمێکی تایبەت بە نووسینی نۆتە بەرهەم هاتووە، ئەم قەڵەمە هەرچەندە زیاتر وەك بیرۆکەیە و بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام ئەگەر بە چڕی بەرهەم بێت و بکەوێتە بازاڕ گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

پێنووسەکە پێکهاتووە لە دەفتەرێکی مۆسیقا و قەڵەمێکی ئەلکترۆنی، بەکارهێنەر دەبێت بە دەنگی خۆی ئاوازەکە بڵێت و تۆمار بکرێت، پاشان قەڵەمەکە ئاوازەکە بە خێرایی دەکات بە نۆتەی مۆسیقا. بەگشتی پێنووسەکە بۆ ئەوانە بایەخی تایبەتی هەیە کە شارەزای ئەو بوارەن و نایانهەوێ بە شێوەی کلاسیك ئاوازەکانیان بنووسنەوە.



## پێنووسی پیندراگۆن



قەڵەمی پیندراگۆن (Pendragon) کە ناوەکەی لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی وەرگیراوە. پێکهاتووە لە چوار بەش و هەر بەشەی ئەرکی تایبەت بەخۆی ئەنجام دەدات. هەرکام لە بەشەکان دەکرێت بە جیا کاری خۆیان ئەنجام بدەن و پێکەوەش دەبنە یەك سیستەم.. هەرچەندە دەکرێت لەداهاتوودا بەشی دیکەشی پێوە زیاد بکرێت. نووکی قەڵەمەکە دەکرێت وەك قەڵەمێکی تایبەت بە کۆمپیوتەر، یا قەڵەمێکی نووسین سوودی لێوەربگیردرێت.

بەشێك لە پێنووسەکە گلۆپێکی LEDیە و وەك ڕووناکی دەتوانی بەکار بهێندرێ، بەشێکی تری پێکهاتووە یلە کامێرایەکی دیجیتالی و هەروەها بەشێکیش وەك بڵاوکەرەوەی دەنگ داندراوە کە میمۆری کارتی بۆ دادەنرێ و دەتوانی بەهۆیەوە گوێ لە مۆسیقا بگری و یان خۆت شتێك تۆمار بکەی. دوا بەشی پێنووسەکە چرا لەیزەرێکە بۆ ئەرکی تایبەتی خۆی.

## پێنووس بۆ گـــــ

پێنووسە ئاساییەکان هەیانە دوو ڕەنگ یا چوار ڕەنگ بنووسن، بەڵام هیچ پێنووسێك نییە کە بکرێت ١٦ ملیۆن ڕەنگ بنووسێ، واتە هەر ڕەنگێك لە جیهاندا هەبێ بتوانی پێی بنووسی. ڕەنگە پرسیارێك بێتە گۆڕێ ئایا ١٦ ملیۆن ڕەنگ هەیە؟ شارەزایانی بواری ڕەنگ و نەخشەسازی هەموو ڕەنگەکانیان بە ١٦ ملیۆن داناوە. بۆ نموونە تەنیا لە ڕەنگی سووردا زیاتر لە ملیۆنێکیان هەژمار کردووە..

پێنووسی Color Picker Pen پێکهاتووە لە سکانێرێکی بەهێز و کاتریجی ڕەنگ و نووکی

# ئەرکێک ئەنجام دەدەن

شتی پێبنووسرێ. لە سەردەمی پێشکەوتن و هەنگاونانی ئامێرەکان بەرەو سمارت و هۆشمەندی قەڵەمیش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، قەڵەمە زیرەکەکان چەندین ئەرک ئەنجام دەدەن کە لێرەدا چەند نموونەیەک باس دەکەین.



## پێنووسی زیرەکی یادداشت هەڵگرتنەوە

لە کۆڕێك دانیشتووی، یان گوێ لە وانەیەکی مامۆستا لە زانکۆ دەگری، نیازت هەیە یادداشت هەڵبگریەوە، بەڵام پێڕاناگەی و یان کاتت نییە هەم بنووسی و هەم گوێ بگری، لەکاتێکی وادا قەڵەمی زیرەکی Smartpen کە تەکنەلۆژییەکی بەهێزی هەیە و ئەو کارە ئەنجام دەدات، قەڵەمەکە کاغەزی تایبەتی بەخۆی لەگەڵدایە. دەتوانێ ئەوەی یادداشتت کردووە لەخۆیدا تۆماری بکات، یان ئەوەی لەو شوێنە دەگوترێ دەنگەکە تۆمار بکات و پاشان بیکات بە فایلێکی دەق.

قوتابییەك دەتوانێت ئەوەی مامۆستا دەیڵێت تۆماری بکات و پاشان کرتەیەك لەسەر قەڵەمەکە بکات و ئۆتۆماتیکی دەنگەکان دەکاتە دەق و لەسەر کاغەزەکە دەنووسرێن. خۆی لەراستیدا کۆمپیوتەرێکی تەواوە و بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە. هەتا ٨٠٠ کاتژمێر دەنگ تۆمار دەکات. لەسەر کاغەزەکەش هێما هەیە، هەرکام لە هێماکان بۆ مەبەستێك بەکار دێن.



## پێنووسی ماوس

ماوسی کۆمپیوتەر وەك کلیلی کردنەوەی کۆمپیوتەر و چوونە ناو پرۆگرامەکان سوودی لێوەردەگیرێ، لەراستیدا ئەگەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە لەمسی نەبێت بەبێ ماوس ناکرێت سوود لە کۆمپیوتەر وەربگری. ماوس بە زۆری یەك قەبارە و سایزیان هەیە و یەك جۆر ستایلیشیان هەیە، بەڵام قەڵەمی ماوس گۆڕانکارییەکی نوێیە.


ماوسەکە زیاتر وەك قەڵەمێك دەچێت لە پەنجەکاندا و بەکارهێنەر چۆن قەڵەمێك بەدەستەوە دەگرێ، ئاواش ماوسی قەڵەم بەدەستەوە دەگرێ. گوایە ئەو ماوسە زەخت بۆ جومگەی دەست ناهێنێ. دوگمەکانی دەکەونە ژێر دوو پەنجەی گەورە و شادە.

کێشێکی کەمی هەیە دەکرێت لە گیرفان بخرێ، هەمان کارکردی ماوسی هەیە و دیقەی DPI 1200یە. بێ وایەرە و بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت، باترییەکی قەڵەمی تێدایە بۆ کارکردن و کاتێکیش شەحنی دابەزی خۆی زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدا.



## ـــــشت رەنگێک

تایبەتی. کارکردی پێنووسەکە ئاوایە، بۆ نموونە تۆ پێویستت بە رەنگێکی تایبەتە کە تەنیا لە سروشتدا هەیە، بۆ نموونە گەڵای دارێك، یا رەنگی میوەیەك، یا رەنگی پەڕەکانی باڵندەیەك... بۆ ئەم مەبەستە کۆتایی قەڵەمەکە کە سکانێرێکی بەهێزی هەیە لە رەنگی مەبەست نزیك دەکەیەوە و کۆپی دەکات بەهۆی سیستەمێك لە قەڵەمەکەدا هەیە لەناوخۆیدا بەهۆی چوار رەنگە ئەسڵییەکە ئەو رەنگەی مەبەستتە و سکانت کردووە دروستی دەکات. قەڵەمەکە بۆ کاری گرافیکی و نیگارکێشان گرنگی خۆی هەیە و ٨ نوکی تایبەتی لەگەڵدایە.



# ئولترابووکی جووت سکرین

ئولترا بووک (ultrabook) چییە؟ کاتێك سەیری دەکەی پێتوایە ئەوە هەمان لاپتۆپە. لە راستیشدا ئولترابووك هەمان لاپتۆپە بەڵام بچووکتر لەلاپتۆپ. خودی لاپتۆپ هەمان کۆمپیوتەری سەرمێزە بەڵام بۆ هەڵگرتن و گەشتکردن ئاسانترە لە دیسکتۆپ..

لە ئولترابوکدا شوێنی دانانی DVDی نییە و هاردێکی تەنکی لەسەرە بۆیە کێشی کەمترە لەلاپتۆپ، لەکارکردیشدا، هەندێك جیاوازن. هەر ئەرکێك بە کۆمپیوتەری سەرمێز بکرێت بە لاپتۆپیش دەکرێت، بەڵام ئولترابوك وا نییە، تەنیا بۆ هەندێك وردەکاری رۆژانە بەکار دێت.

کۆمپانیای ئەنتەل لەم ماوەیەدا ئولترابووکێکی جووت سکرینی بەرهەم هێنا کە دوو شاشەی هەیە و بە ئولترابووکی TIGER RAPIDS ناسراوە.

شاشەی ئولترابوکی ناوبراو تەنکە و سایزەکەی نزیك بە هەشت ئینج دەبێت. خۆی فوول ئیچ دییە. ستایلێکی سەرنج راکێشی هەیە، بەتەواوی وەك دەفتەرچەی یادداشت دەچێت، شاشەی دووەمی ئولترابووکەکە پێکهاتووە لە کاغەزی ئەلکترۆنی لە جۆری EPD کە بەکارهێنەر بەهۆی قەڵەمێکی تایبەتی کە لەگەڵ ئولترابووکەکەدایە دەتوانێت یادداشتی رۆژانە بنووسێ. باترییەکەی هەتا دوو رۆژ شەحنی دانابەزێت..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات چۆن دەکرێتت لە کۆڵ ئەو هەموو کورتەپەیام (SMS) ریکلامیانە ببمەوە کە رۆژانە بۆ مۆبایلەکەم دێن؟

خوێنەری بەڕێز کورتە پەیامە ریکلامییەکان یان بە شێوەی گۆترە و هاکەزایی دێن، واتە بەبێ ئەوەی مەبەستیان ژمارەکەی تۆ بێ، بەڵکو ئەوان نیازیانە ئەو ریکلامەیان بۆ هەموو ژمارەیەك بڕوات، یا پەیامە ریکلامیەکە تەنیا بۆ مۆبایلەکەی تۆ دێت، وەك پەیامی تۆڕەکانی پەیوەندی مۆبایل.

بۆ ئەوەی لە کۆڵ ئەو کێشە و دەردەسەرییەوە ببیەوە، پێویستە پرۆگرامی SMS Blocker لەسەر مۆبایلەکەت دابەزینی، ئیدی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی ئیزن نەدەی یەك کورتە پەیامی ریکلامت بۆ بێت. نەك هی ریکلام بەڵکو حەز ناکەی لەلایەن ژمارەیەکی تایبەتەوە هیچ پەیامێکت بۆ بێت دەکرێ ئەویش بخەیەوە لیستی رەشەوە.

ئەگەر حەزیشت کرد ئەو پەیامانەی بۆ مۆبایلەکەت هاتوونە و تۆ بلۆکت کردوون، ئەوە لە فۆڵدەرێکی تایبەتدا پەیامەکان راگیراون و هەرکاتێك ویستت بیانخوێنەوە و بەیەکجاری بیانسڕەوە.

# پرۆگرامێک بۆ دابەزاندنی فیلم لە ئینتەرنێت




ئەوانەی نیازیان هەیە لە ئینتەرنێت و لە ماڵپەڕی یوتیوب یان هەر سایتێکی دیکە فیلم دابەزێنن، بەبێ پرۆگرامی تایبەت بە دابەزاندن ناتوانن. هیچ پرۆگرامێکیش نییە کە بتوانێت لەگەڵ هەموو سایتەکانی تایبەت بە هاوبەشکردنی فیلم بگونجێت، بۆیە بەکارهێنەر دەبێت چەند پرۆگرامێکی تایبەت بە دابەزاندنی فیلمی بەشێوەی ئۆنلاین هەبێت. پرۆگرامی Apowersoft Video Download Capture یەکێکە لە پرۆگرامە گرنگەکان کە پشتیوانی زیاتر لە ١٠٠ ماڵپەڕی تایبەت بە هاوبەشکردنی فیلم دەکات، ماڵپەڕەکانی وەك (Dailymotion, YouTube, Facebook, 123Video)...تاد لەگەڵ ئەو پرۆگرامە دەگونجێن.

پرۆگرامەکە بە خێراییەکی زۆر فیلمەکان دادەبەزێنێ و دەتوانی فۆرماتی فایلە ڤیدیۆیەکانیش بگۆڕێ، تەنیا بە کۆپی کردنی ئەدرەسی فیلمەکە و دانانی لە بۆکسی تایبەت بە دابەزاندن فیلمەکە دادەبەزێت.



# ئامێرێکی زیرەک بۆ پێوانی شەکری خوێن

ئەوانەی کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە، ئامێرێکی تایبەتی بەکار دێنن کە لە مۆبایلێك بچووکترە و بەهۆی باترییەك کار دەکات و شریتی تایبەتی لەگەڵدایە کە دڵۆپێك لە خوێنی بەکارهێنەر دەخرێتە سەری و لەسەر شاشەی ئامێرەکە رێژەی شەکری خوێنی دەردەکەوێت.

ئامێری جۆری MiaoMiao لە راستیدا گۆڕانکارییەکی گەورەیە پێوانی نەخۆشی شەرکی خوێندا. ئەو ئامێرە بەبێ ئەوەی هیچ ئازارێکی هەبێ، لە باسکی بەکارهێنەر دەخرێت، یان دەکرێت وەك بازنەیەکیش لەدەست بکرێت و بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە بەردەوام رێژەی پێوانی شەکر بۆ مۆبایلی بەکارهێنەر بەرێ دەکات. ئەگەر رێژەی شەکری بەرز بوویەوە یان پێچەوانە دابەزی ئەوە زەنگی مەترسی بۆ بەکارهێنەرەکەی لێدەدات. لە هەر پێنج خولەکدا جارێك راپۆرتێك لەسەر رێژەی شەکر بۆ مۆبایل بەرێ دەکات.

کێشی MiaoMiao تەنیا ٨ گرامە، بەهۆی لەزگەیەك هەیە بە جەستەی بەکارهێنەرەوە دەنووسێ و تەنانەت لە کاتی خۆشوشتنیشدا پێویست ناکات دەربهێندرێ. ئامێرەکە شەحن دەبێتەوە و هەتا دوو هەفتەش شەحنی دانابەزێت، بەماوەیەکی زۆر کەمیش پڕ دەبێتەوە. لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت. دەکرێت هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە بەکاری بێنن و داتای تایبەت بەخۆیان لە ئامێرەکەدا تۆمار دەکرێ.



## ماڵپەڕێک بۆ ئەرک و کاری کامیراوانی

ئەگەر بڵێین لە جیهانی مەجازیدا کامێراوانی پشکی شێری بەرکەوتووە، ناڕاستیمان نەگوتووە. سەدان ماڵپەڕ هەن بۆ فێرکردنی ئەم پیشەییە، سەدان ماڵپەڕی دیکە هەن بۆ هاوبەشکردنی وێنەگیراوەکان، هەروەها سەدان ماڵپەڕی تریش بۆ پێشبڕکێ لەنێوان کامێراوانەکاندا.

یەکێك لەو ماڵپەڕانەی کە تایبەتە بە کاری کامیراوانی، ماڵپەڕی https://web.500px.com

ئەم ماڵپەڕە زیاتر وەك تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دەچێت، ئەوانەی حەزیان لەو پیشەیەیە دەتوانن بە شێوەی ئۆنلاین لەگەڵ کەسانی هاوپیشەی خۆیان لەو تۆڕەدا پێکەوە قسە بکەن. لەو تۆڕەدا دەتوانی کاری کەسانی دیکە ببینی، دەتوانی کارەکانی خۆت هاوبەش بکەی، راوبۆچوون لەسەر وێنەکان دەرببڕی. هەتا ئێستاکە لەو ماڵپەڕەدا زیاتر لە ٦ ملیۆن وێنەگری سەرەتایی و پیشەیی و نیوە پیشەیی ئەندامی ئەو تۆڕەن.

## مۆنیتۆرێک بۆ گشت ئامێرەکان



مۆنیتۆر واتە شاشە، تەلەڤزیۆن بۆخۆی شاشەیەکە و بەتایبەتی تەلەڤزیۆنەکانی ئەم سەردەمە دەکرێت وەك شاشەی کۆمپیوتەریش سوودی لێوەربگیرێ. لە پێشانگای ساڵانەی (کامپیوتێکس ٢٠١٩) دا، ASUS مۆنیتۆری جۆری ROG Strix XG١٧ خستەڕوو، کە بە ئاسانی هەڵدەگیردرێ و دەکرێت لەگەڵ خۆت بۆ هەموو شوێنێك ببەی.

مۆنیتۆرەکە زیاتر بۆ کاری گرافیکی و نەخشەسازی و گەیمی ئەلکترۆنییە، خێراییەکی زۆری هەیە لە ٣ میلی چرکەدا وەڵام دەداتەوە. مۆنیتۆرەکە لە کۆمپیوتەر، مۆبایل، ئامێرەکانی دیکەی یاری ئەلکترۆنی دەخرێت. لەناو خۆیدا بڵندگۆی بەهێز هەیە. پایەیەکی موگناتیسی لەگەڵدایە بۆ لەسەردانانی، وزەی خۆی لە باترییەك وەردەگرێ کە شەحن دەبێتەوە.